ڕەشید وسودانی جەخت لەسەر کارکردن بە بەهێزکردنی ئەمنی عێراق لەناوچەکە دەکەنەوە

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، لەمیانی کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک کۆمار ڕەشید وسودانی جەختیان لەسەر کارکردن بە بەهێزکردنی ئەمنی عێراق لەناوچەکە کردەوە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کۆتووە بەڕاویکردەوە"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ سەشەممە لەگەڵ سەرۆک کۆمار عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید کۆبووەوە.

وتیشی لەکۆبوونەوەکەدا تاوتوێی ئەو تەوەر و پرسانە کرا کە لە لوتکەی بەغداد لە خولی 34"ـەمینیدا خرانەڕوو، جگە لە تاوتوێ کردنی ئەو بەیار و ڕاسپاردانەی کە تێیدا دەرکران و کارکردن بە جێبەجێکردنیان، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی بەی دانراون و چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری لەناوچەکەدا.

لە بەشێکی تری کۆبوونەوەکەدا جەخت لەسەر پێویستی هەوڵی زیاتر و کارکردن بە بەهێزکردنی ئەمنی عێراق لەناوچەکە کرایەوە و هەوەدان بە یەکخستنی هەوڵەستی عەرەبی لەسەر ئەو پرسانەی کە گرنگن بە ناوچەکە

و جیهان، لەپەناو پتەوکردنی بنەماکانی ئاشتی لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، هەروەها ستایشتی هەوڵەکانی هەموو ئەو لایەنانە کرا کە بەشداربوون لە سەرکەوتنی لوتکەکە.

هەر لەکەبوونەوەکەدا پەشهاتەکانی هەردوو گەڕەپانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و هەوڵەستی عێراق لەبارەیانەوە تاوتوێکرا لەگەڵ خستنەڕووی ئەو هەوڵانەی کە دراون و دێی عێراق لە پرسەکانی ناوچەکەدا، جگە لەتاوتوێکردنی بارودۆخی وڵات و جەختکردنەوە لەسەر گرنگی پاراستنی سەقامگیری و پارێزدانی کەرتی خزمەتگوزاری و گەشەپێدان، بەمەبەستی بەدیهێنانی خواستەکانی گەلی عێراق.